www.kurdistannet.org

بەكاتی ناوەندی ئەورووپا   11-10-2006 7:34

# یەکگرتوو لە نێوان شوناسی ئیسلامی وعەلمانیدا وەڵامێک بۆ کاک سەمیر سەلیم ... کامیل مەحمود

ژمارە 36 ی هەفتەنامەی ئاوێنە وەڵامێكی كاك سەمیر سەلیمی تیابوو، وەك وەڵامی بابەتێكم كە هەر لەم هەفتەنامەیەدا بڵاوم كردبوویەوە، ئەوەی وای لی كردم جارێكی تر بێمەوە گۆو شتێكی تر بڵێم قسەكانی ئەو بەرێزەبوو لەو نووسینەیدا كە هەر بەناو وەڵامە و بەشی هەرە زۆری خۆهەڵكێشان و خۆگەورەكردن و بچووك كردنەوەی بەرامبەرەكەیەتی و هیچی تر، بەنووسینەكەشیدا دیارە لە ژێر فشاردا پێی نووسراوە و بابەتەكەی بۆ پینەكردنەو لەو پینەكردنەشیدا سەركەوتوو نەبووە و وەڵامێكی تیادا نییە نەك من بەڵكو قەواعیدەكەی خۆشیان ڕازی بكات.

كاك سەمیر لەسەرەتاوە وانەیەكمان دەربارەی هونەری نووسین بۆ دەڵێت و روانگەی نووسەر و مەنهەجی خوێندنەوە دەكاتە دوو لایەنی ئالیەتی بەرهەمهێنانی هەر نووسینێك، بۆ ئەوەی پێمان بڵێت كە ئەو روانگەی خۆی هەیە بۆ مەسەلەكان و ئەوەش كەدەیلێت بە پێی مەنهەجێكی خوێندنەوەی تایبەتی خۆیەتی. لە راستیدا روانگەو مەنهەجی خوێندنەوە هەر یەك شتە و ئەگەر یەكیش نەبن یەك ئەرك و رۆڵ دەبینن و منیش لەو بابەتەی خۆمدا قسەم لەسەر روئیاو مەنهەجی ئەو بەرێزە كردووە كە نەك هەر ئیسلامی نییە، بەڵكو لەو دیو عەلمانیەتیشەوەیە. هەموو قسە و لێدوان و هەڵوێستێكیش بۆ تاوتوێكردن، مەرج نییە ئەو زانست و زانیاری و باكگراوندە فیكری و كۆمەڵایەتییەی پێویست بێت كە ئەو باسی دەكات و هەندی قسە و باس و مەسەلەی دیار و ئاشكرای وەك ئەوەی كاك سەمیر وتوویەتی لەو دیمانەیەدا، ئەو قووڵبوونەوە زۆرەی ناوی و مەگەر بۆ مەرام و مەبەستی شێواندن و چەواشەكاری و سەر لە خەڵك تێكدان ئەوە بكرێت. بەندەش لەوێدا مەسەلەكەم ئاڵۆز نەكردووە و بەروونی پەنجەم خستووەتە سەر خاڵەكان و پێم وانییە قسەكانی كاك سەمیریش ئەوەندە ئاڵۆز و فەلسەفی بووبێت میتۆد و دیدێكی زۆر قووڵی پێویست بووبێت بۆ قسە لەسەر كردن و هەڵوەشاندنەوەی دیدگاكانی. نەهاتووم فێڵ لە بەرامبەر و خوێنەرانیش بكەم و ئاوێتەی كۆمەڵی قاڵ و قیل و شێر و رێوی بی سەروبەری بكەم كە ئەسڵی مەسەلەكانی لی ون ببێت و دواجار چەواشەكاری بخاتەوە نەك روونكردنەوەی واقیع و دەرخستنی راستییەكان. وەك ئەوەی بەرێز كاك سەمیر سەلیم كردوویەتی و خۆی لە پرسیار و رەخنە و تێبینییەكانم لاداوە، ئەو برایە ئەگەر لەو نووسینەیدا مەنهەجێكی گرتبێتەبەر، بێگومان ئەو مەنهەجەیە كە نووسەر لەمەسەلەی مەوزوعەوە باز دەدات بۆ زات و بەراست و چەپدا دەكەوێتە خۆهەڵكێشان و بەشان و باڵی خۆدا هەڵدان و باسكردنی ئاستی زانستی و مەعریفی خۆی و لەبەرامبەریشدا بچوككردنەوەی بەرامبەر بۆ ئاستێكی زۆر خوار و ناوزەدكردنی بە عەقڵ بچووك و شوبهاندنی بەمنداڵ و شتی تر، ئەم مەنهەجەش زیاتر مەنهەجی نووسینی نووسەرە مەغروورەكانە و دەرەنجامی ئیفلاسییە لەوەلامدانەوەی رەخنە و قبوڵكردنی لۆژیكی گفتوگۆی هێمنانەدا.

بۆیە بەكاك سەمیر دەڵێم: راستە بەرێزەكەم تۆ گەورە و زانا و بەرپرسێكی باڵای ناو حزبێكی كوردستانیت و خاوەنی روانگە و مەنهەجی خوێندنەوەی خۆتی و ئاستی زانستی و مەعریفیت زۆر لەوەش زیاترە كە خۆت نموونەی باوك و منداڵەكەت بۆ هێناوەتەوە، بەڵام باوەر بكە براكەم ئەوەی تۆ لەو دیمانەیەدا وتووتە منداڵیش لێی تی دەگات و هەر نەخوێندەوارێكی هۆگری دینداری و بیسەری وتارە تەقلیدییەكانی مزگەوتیش ئەوەندەی پێیە، كە دەرك بەوە بكات تۆ قسەگەلێكی نائیسلامیانەت كردووە دەربارەی هەندی مەسەلەی ئیسلامی، مەسەلەكەش لەوەدا نابینرێتەوە كە تۆ لەگەڵ بیركردنەوەی مێژوویدا نیت و مێژوو بە پیرۆز نازانیت و سیرەی پێغەمبەری ئیسلام بە سەرچاوەی تەشریع دانانێیت، بەڵكو قسە لە روانینە سەلبییەكەت و زمانە ناشایستەكەتە بەرامبەر بەو مێژووە كەلەم بابەتەشتدا نەك هەر راستت نەكردووەتەوە، بەڵكو زیاتریش بی بایەخت كردووە.

باوەر ناکەم کەس باوەر بەو قسانەتان بکات کە ئێوە مێژووی ئیسلام بەسەرچاوەی کارو تەشریعی خۆتان نەزانن و ئەو سوکایەتییەشتان لە نێو گوتارە سیاسییەکانتاندا بە مێژووی ئیسلام لەبەر خاتری خاترانە و هیچی تر، چونکە گوتاری سیاسی و فیکری و شەرعییشتان پڕە لە نموونەی دیاری وەرگیراوی ناومێژوو، پاساوی هەموو ئەوەی دەیکەن لە کارو هەڵوێستی سیاسی حزبەکەتان و خەڵکی خۆتانی پی قەناعەتدار دەکەن تەنها سیرە و مێژووی ئیسلامە و لە ناو دەقەکانی قورئان و فەرموودەدا شتێکتان بۆ بەڵگە و بورهان دەست ناکەوێت، دیارە بەڵگە مێژوویيەکانیشتان بەکۆمەڵی تەفسیر و تەئویلی بی سەرو بەرو لادراو لەسیاق و مەبەستی خۆی. جاری یەکەم هەنگاوی کاری ئێوە لەسەرەتای کار و بانگەوازتاندا و تا ئەم لەحزەیەش، لەسەر بنەمای پۆلێنکردنی ئێستایە بۆ قۆناغەکانی مەکی و مەدەنی و دانانی دۆزی ئێستای دنیای ئیسلام بە قۆناغی مەککی و گێرانەوەی بارودۆخی ئەمرۆی ژیانی مسوڵمانان بۆ ئەو قۆناغە، هەر بەمەش قەناعەتتان بەئەندام و هاوسۆزەکانی خۆتان کردووە، کاتێك ئێستای ئامادەتان بە رەنگێکی مێژوویی شێوێنراو بۆیاخ دەکەن.

کاك سەمیری بەڕێز، هزرو فەلسەفەی تۆ هەمیشە گەورەیە و لە لایەن وەك خۆت دەڵێیت عەقڵە بچووکەکانی وەك ئێمەمانانەوە لەو گەورەیيەی کەم ناکرێتەوە، بەڵام دیسان باوەر بکە ئەوەی تۆ لەو دیمانەیەدا وتووتە راست دەکەیت فەلسەفەیە، بەڵام هەرگیز دیدگای ئیسلامی نییە بۆ شتەکان و لەو مەسەلەیەشدا جەنابت گەورەترین فەیلەسووفیت. جا کاکی خۆم قسە کردنیش لە قورئان کەرەسە و ئامڕازی ئیسلامیانەی خۆی هەیەو ناکرێت بۆ بەرژەوەندی خۆت و حزبەکەت هەرچی هات بەدەمتدا بیڵێیت و بینووسیت وپاشان بە ئامرازی (ئەبو زەیدیانە) قسە لە ئایەتەکانی خوا بکەیت، وەکو جەنابت کردووتە و بەم نووسینەش دەتەوی پاسا و و پینەی بۆ بکەیت کە دیسان هەندی لە قسەکانت ئەو پەندە کوردییە دەیانگرێتەوە کە دەڵێت (عوزر لە قەباعەت خراپترە) .

بەهەر حاڵ پێم خۆش بوو ئێستاش کە وەڵامت داوەتەوە، بەراستی وەڵام بووایە نەك پێچ و پەنا خستنە ناو مەسەلەکە و وێڵکردنی خوێنەر، پاشان خۆیشت لە هەندی مەسەلەی سیاسی لابدایە کە پەیوەندی بە بابەتەکەوە نەبووە و یەکێکی ترە لە نیشانەکانی بی وەڵامی تۆ. بۆ کەسایەتییەکی سیاسی (ئیسلامی) ش جوان نییە لە جیاتی قسە و گفتوگۆی هێمنانە و برایانە پەنا بەرێتە بەر چاڵ هەڵکەندن بۆ بەرامبەرەکەی و هەر بەزۆر بیخاتە ناو سەنگەرێکەوە و قسەکانی ببەستێتەوە بە ئیرهاب و تیرۆرەوە بۆ ئەوەی ئەو شەرەی کە خۆی پێی ناکرێت بەڵکو خەڵکێکی تر بۆی بکەن، ئەمەش وانازانم رەفتارێکی ئەخلاقی بێت، هەرچەندە ئەم چاڵهەڵکەندن و کێشە بۆ مسوڵمان دروست کردنە بە شێکە لە ئالیەتی کاری ئەو حزبە و لە پێناوی بەرژەوەندی خۆیاندا باکیان نییە بەهەر وەسیلەیەك بۆیان دەکرێت، با ئەخلاقی و شەرعییش نەبێت بەرامبەرەکەیان بی دەنگ بکەن، ئەی ئەوە نییە گەنجەکانیان لە جیاتی وەڵامی نووسینێکم لە هەفتەنامەی هاوڵاتیدا، هاتوون بە هەمان شێوە و بەبی رەچاوکردنی هیچ پێوەرێکی ئەخلاقی بابەتێکیان نووسیووە کە هەر کەسێك دەیخوێنێتەوە یەکسەر لە مەغزاکەی تێدەگات و دەزانێت کە ئەمە وەڵام نییە و راپۆرتێکی سیخوڕی و موخابەراتییە و هاتوون لە جیاتی قسە و دیالۆك، کۆمەڵی تۆمەت و چەواشەکارییان هەڵڕشتووە وبە زمانی حاڵی راپۆرتەکەیان دەڵێن دەسەڵاتی کوردی وەرن ئەم تیرۆریستە بگرن و لە ناوی بەرن!.

کاك سەمیر دەربارەی ئەزموونی رابردووی کاری ئیسلامی بەندە سنوور دەبەزێنێت و بە سەلبی و دوور لە ئەدەبی حیوار قسە دەربارەی دەکات، بۆیە لەو بارەیەوە دەمەوێت ئەوە بە کاك سەمیر سەلیم بڵێم: کە یەك سەعات لە ژیانی ناو ئەو ئەزموونەی رابردووم ناگۆڕمەوە بە هەموو تەمەنی ئەزموونەکەی بەڕێزتان، وا ئەزانم ئەوە هەڵوێستی هەموو هاوئەزموونەکانی تریشمە چونکە تاکە کەسێکیانم نەدیوە دوای ئەو بشێوییەی لەسەر ئاستی کاری رێکخراوەیی بۆیان دروست بوو متمانەیان بەدینی ئێوە

کردبێت و بوونە یەکگرتوو، یان ئەزموونەکەی ئێوەیان قبوڵ کردبێت. ئەوە ئەو پەری شکست و دابەزینە لە بری راستکردنەوەی هەڵە ناشەرعی و نائیسلامییەکانی خۆت پەلاماری رابردووی خەڵك بدەیت، وا دەزانم کردنەوەی ئەو دۆسیەیە بە سوود و قازانجی یەکگرتووی ئیسلامیش تەواو نابێت.

بەندە ئێستاش روو دەکەمەوە زانا ئیسلامییە بەرێزەکانی ناو یەکگرتووی ئیسلامی و هەمان داوایان لی دەکەم و پێیان دەڵێم: کاك سەمیر سەلیم هیچی نەوت و هیچی بۆ پینە نەکرا و قسەکانی جگە لە هەندی موهاتەرات و شەرەقسە کە لە ئەندامێکی سەرکردایەتی حزبێك ناوەشێتەوە هیچ وەڵامێکی نەدایەوە، بۆیە لەڕووی شەعی و ئەرکی ئیسلامییەوە دەبێت ئێوە وەڵام و روونکردنەوەتان هەبێت.

ئەوەی کە کاك سەمیر خۆی لی لاداوە روانینە سەیرەکەیەتی بۆ قورئانی پیرۆز کە دەڵێت: (ئەوەی لە قورئاندا هاتووە مەرج نییە پارێزراوبێت و بمێنێت) پاشان بۆچی ژن لەسەردەمی خەلیفەکاندا ماڵێك و بە خێوکەرێکی ویستووە و ئێستا وەك ئەو دەڵێت کۆمەڵ گۆراوە، ئەمەشی کردووەتە بەڵگە بۆ دژایەتی فرەژنی، بۆچی پێی نەوتین ئایا ئێستاش ژن هەر ماڵ و بەخێوکەری ناوێت؟، یان بەرای ئەو ئەوانیش ئێستا حوکمەکانیان راگیراوە و دنیای نوی پێویستی بە خێزانیش نییە؟ ئەی بۆ وەڵامی ئەوەی نەداوەتەوە کە بەچ پاساوێك وتە و تیۆرەکانی نەسر حامید ئەبوزەید دەربارەی راڤەکردنی قورئان کە لە سەری تەکفیرکراوە دەیکاتە مەرجەعی حزبێکی ئیسلامی، ئەگەر ئیسلامییە؟ ئەمەش دیارترین و ترسناکترین قسەتە کە پێم وایە زانایان و خەڵکە پابەندەکەی ناو یەکگرتوو نابێت لەسەری بێدەنگ بن و جەنابت لە بەناو وەڵامەکەتدا خۆت لی دزیوەتەوە. لەم وتارەشدا هێشتا هەر لەکەلی شەیتان نەهاتوویتە خوارەوە و داوای راگرتنی حوکمی فرە ژنی دەکەیت، ئیتر نازانم کی ئاوا زۆری پی هێناوی بۆ ئەوە و بۆچی ئەوەندە سووری لەسەر دژایەتی فرە ژنی کە دەسەڵاتی کوردی و حزبە عەلمانییەکانیش وەك پێشتر وتم بەم شێوەیەی تۆ مامەڵە لەگەڵ ئەم مەسەلەیەدا ناکەن؟

کاك سەمیر لەلایەکەوە بەسەلبی لە بەمەرجەعکردنی سیرە و مێژووی ئیسلام دەروانێت و لەلایەکی ترەوە هەڵوێست و رەفتاری مێژوویی عومەری کوری خەتابم بۆ دەکاتە نموونە و بەڵگە بۆ مەسەلەیەك کە هیچ پەیوەندی بەوەوە نییە.

ئەو گوتارو هەڵوێستانەی یەکگرتووکە کاك سەمیر و هاوبیرەکانی گوزارشتی لی دەکەن دوور و نزیك بۆنی فیکر و عەقیدەی ئیخوانیشی لی نایە و مەگەر بەدەگمەن ئەگینا خاڵی هاوبەش لە نێوان ئەم رێکخراوەی کوردستان و رێکخراوە ئیخوانییەکانی تری جیهانی ئیسلامیدا هەست پی ناکرێت و رۆژنامەنووسە دانیمارکییەکەش دانی بەمەدا ناوە، ئەم حزبە بەمانای وشە حزبێکی مودێرن و مەدەنی و پێشکەوتووە، کە پێم وایە ئەگەر پاشگرە ئیسلامییەکە لە ناوەکەی بکاتەوە، باشترین و چاکترین حزبی عەلمانی کوردستان دەردەچێت، قەیرانی سەرەکی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستانیش لەو ئیزدیواجیەتەدایە کەلە (کەسایەتی) رێکخراوەکەدا دیارە، ناوەکە ئیسلامییە و ناوەرۆکەکەی لە زۆر مەسەلەدا عەلمانیەتیشی تێپەراندووە. بەتایبەتی کە ئێستاش نەوەیەکی نوێی گەنج هاتوونەتە سەرەوە و تموحی زۆریان هەیە یەکگرتوو بەو ئاراستەیەدا بەرن و لە جیاتی ئیمام حەسەن بەنا (رەحمەتی خوای لی بێت)، نەسر حامد ئەبو زەید و هاوشێوەکانی بکەنە نموونە و پێشەنگ بۆ کار و رێبازی بیرکردنەویان.